ئەدەب و كولتوور
ڕووداو

# "باران"ەكەی پەشێو تەواو بوو




■ ئا: ئەدەب و كولتوور

ڕۆماننووسی گەنجی كورد پەشێو حەمەدەمین، نوێترین ڕۆمانی خۆی بەناوی "باران" تەواو كردووە و بڕیارە ماڵی وەفایی بۆی چاپ بكات.

نووسەری ڕۆمانەكە لە ئەكاونتەكەی خۆی لە فەیسبووك لەبارەی ڕۆمانەكە نووسیویەتی: "زیاتر لە حەوت مانگە بە خۆیەوە سەرقاڵی كردووم. بۆ من گرنگ نییە چەندم نووسیوە، بەڵكو ئەوە گرنگە چۆنم نووسیوە. چونكە من پێموایە هەر نووسەرێک تەنیا بنووسێت لە پێناو ئەوەی نووسینی هەبێت، سەرەنجام دەیكات بە مرۆڤێكی پۆپۆلیست و ئەوەی دایدەڕێژێت و بە خوێنەرەكانی دەڵێت، تەنیا قسە و باسی ڕۆژن و لە دنیای ئەدەبدا بایەخێكی ئەوتۆی نابێت".

سەبارەت بە ناوەڕۆكی ڕۆمانەكە، پەشێو نووسیویەتی: "لە باراندا، عیشق و ئەوینی نێوان مرۆڤەكان پانتاییەكی زۆری گرتووە. تێیدا ڕووداوگەلێكی زۆر هەن كە دەتوانیت لە ماوەی ئەو ساڵانەی ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتی كوردی حوكمی ناوچەیەكەیان كردووە، ژیانی هەر تاكێكی عێراقی بە گشتی و كورد بە تایبەتی بخوێنیتەوە".

هەروەها دەڵێت: "ئامانجی سەرەكی من لەم ڕۆمانە، گەیاندنی هەموو ئەو تراژیدیا و كۆژانانەیە كە بەسەر گەلی كورد و گەلانی دیكەی عێراقدا هاتوون، تا دنیای دەرەوە بزانن كە ئەم ناوچەیە چەندە ناشیرینە بۆ ژیان و تێبگەن كە ئێمە زیاتر لە نیو سەدەیە چۆن بێ حورمەت كراوین تێیدا".

# بڵاودەكرێتەوە چاپی دووەمی (عیشق، گەنج، ماڵ)




■ ئا: ئەدەب و كولتوور

(عیشق، گەنج، ماڵ) كە كتێبێكی سایكۆفەلسەفییە و لە نووسینی پێشڕەو عەبدوڵڵایە، چاپی دووەمی كراوە و بڕیارە لەم هەفتەیەدا بڵاوبكرێتەوە. كتێبەكە لەلایەن خانەی كولتوور لە هەولێر چاپكراوە و بڕیارە لەم هەفتەیەدا چەند كۆڕێكی ناساندن و واژۆكردنی لە زانكۆكانی كوردستان بۆ بكرێت.

پێشڕەو عەبدوڵڵا بە (ئەدەب و كولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تەوەری سەرەكی كتێبەكە چەمكی عیشقە و عیشقیش یەكەمین وێستگەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەنجە لەگەڵ ژیاندا، یەكەمین خەونیەتی بۆ ئەوەی ماڵێک بۆ خۆی و خەونەكانی دروستبكات، بەڵام كاتێک كۆمەڵگە وەک هێزێكی ئاڕاستەكەر و پشكنەر، ڕووبەڕووی ئەم گەنجە دەبێتەوە، شەڕ و ترس و دڵەڕاوكێ دێتە پێش".

گوتیشی: "زۆرجار گەنج یاخی دەبێت و كۆمەڵگە وەلادەنێ، زۆرجاریش كۆمەڵگە تووڕە دەبێت و گەنج پەراوێز دەخات، زۆر جاریش گەنج لەگەڵ ئەوەی هەموو بەربەستەكانیشی بۆ لادەبەیت، نازانێت و ناكارێت ماڵێكی جوان و پڕ لەمانا بنیات بنێ، چونكە ئەو خۆی پەروەردە نەكردووە، ئەوەی ئەو بیری پێدەكاتەوە، هەر خودی ئەو سیستەمەیە كە خوازیارە تێكیبشكێنێ. بۆیە حەكایەتی عیشق لە كۆمەڵی كوردەواریدا، حیكایەتێكی تراژیدی و خەمهێنەرە، حیكایەتێكە لەجێی ئەوەی ژیان بنیات بنێت، بەرەو مردن هەنگاو هەڵدەگرێت".

پێشرەو عەبدوڵڵا لە دایكبووی 1980ی سلێمانییە، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە زمان و ئەدەبی كوردی، چەندین كتێبی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە (جەستە، دەروون، عەقڵ)، (دەروونشیكاری شیعری كوردی)، (ئەدەب، شێوەكاری، تیۆر)، (ڕەهەندەكانی كوردناسی) و (لەدایكبوونی دووەم).

# جیهان ڕۆژ ڕۆمانە نوێیەكەی بڵاوكردەوە




■ ئا: بەسام مستەفا

نووسەری كورد، جیهان ڕۆژ ڕۆمانێكی نوێی بەناوی (هارمۆنیایەكی شین) بەشێوەی ئەلیكترۆنی بڵاوكردەوە كە لە 55 لاپەڕە پێكدێ.

كاراكتەری سەرەكیی ڕۆمانەكەی جیهان ژنێكی كوردە بەناوی پۆلیشان كە هاوسەرگیری لەگەڵ توركێک دەكات، بەڵام دواتر لێی جیادەبێتەوە.

جیهان لە ڕێگەی ئەو ڕۆمانەوە هەوڵدەدات ناكۆكییە نێوخۆییەكانی نێو ناخی مرۆڤی كورد لە ڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە پیشان بدات. دەخوازێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: "ئایا بەهۆی پارچەبوونی كەسایەتییەوە، ڕۆحیەتی كوردیش پارچە بووە؟".

جیهان لە ڕێگەی ئەو هاوسەرگیرییەی نێوان پۆلیشان و مێردە توركەكەی پەیامێكی ئاشكرا رادەگەیەنێ و دەڵێت، بەبێ یەكسانی و دادپەروەری ئەستەمە ئەو دوو نەتەوەیە بتوانن لەگەڵ یەک هەڵبكەن.

جیهان ڕۆژ، ساڵی 1965 لە ناوچەی گمگمی سەر بە پارێزگای مووش لە باكووری كوردستان لەدایكبووە. تاوەكو ئێستا 14 پەرتووكی نووسیون، لەوانە ڕاتیكا (شیعر)، مەیمان (چیرۆک)، دەریای چیرۆک (چیرۆک)، ئاقڵ دەچێتە سوێد (شیعر)، گیتاری بێ تەل (ڕۆمان)، پەردە (ڕۆمان)، ڕەش (ڕۆمان) و مەلا باز (ڕۆمان).

# (فڕین بە لێواری دڕدۆنگیدا) بڵاوكرایەوە




■ ئا: ئەدەب و كولتوور

(فڕین بە لێواری دڕدۆنگیدا) كۆمەڵە چیرۆكێكە لە نووسینی عەلی سوهرابی، چیرۆكنووس و بەم دواییە لە سەقز لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان چاپ و بڵاوكرایەوە.

ئەم بەرهەمە یەكەم چاپكراوی سوهرابییە و لە دووتوێی پەڕتووكێكی 190 لاپەڕەیی قەوارە مام ناوەنددا چاپ و بڵاوكراوەتەوە و 21 چیرۆک لەخۆدەگرێت.

ئەم بەرهەمە لەلایەن وەشانخانەی "گوتار" لە سەقزی ڕۆژهەڵاتی كوردستان چاپكراوە و لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و باشووری كوردستان بڵاوكراوەتەوە.

(چیرۆكێكی سادە بۆ منداڵە پیرەكان، داوەرین، مراز، هەڵەتە، خولیای خۆشەویستییەكی بێ سنوور، سێهەم شێرپەنجە، گەڕانەوە و زریكەی ژیان) ناوی بەشێک لە چیرۆكەكانی نێو كتێبەكەن.

عەلی سوهرابی، نووسەر و شاعیر لەدایكبووی شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی كوردستانە، زانستی جوگرافیای خوێندووە و زیاتر هۆگری شیعر و چیرۆكە. ماوەی 20 ساڵە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەدەبیی شنۆیە و چەندین چیرۆكی بڵاوكردوونەتەوە و "فڕین بە لێواری دڕدۆنگیدا" یەكەم بەرهەمی چاپكراویەتی وەک كتێب.

## نامە ئەکادیمییەکان

# ڕەنگدانەوەی بوونگەرایی لەسەر ڕۆمانی کوردی

◄ هەرێم عوسمان

مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

(ڕەنگدانەوەی بوونگەرایی لە ڕۆمانی کوردیدا) ناونیشانی نامەیەکی ماستەری (ئاری عوسمان)ـە کە ساڵی 2016 بە سەرپەرشتی (پ.ی.د.ئیبراهیم عەبدولڕەحمان) پێشکەشی کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیان کراوە. نامەکە لەسەر بنەمای چەند میتۆدێک و بە پشتبەستن بە فەلسەفەی بوونگەرایی، لە سێ بەشدا چەندین ڕۆمانی کوردی بۆ شرۆڤەکردن هەڵبژاردووە. لە دەروازەدا پەیوەندیی فەلسەفە و ئەدەب و نزیکیی فەلسەفە لە ڕۆمانەوە و هاوکات کاریگەریی ڕۆمانی کوردی بە فەلسەفە و جیهانبیبوون خراوەتەڕوو.

لە بەشی یەکەمدا، سەرەتا زاراوەی بوون و دواتریش وەک چەمکێک لە بیری ئەفسانەیی و قۆناغەکانی مێژووی فەلسەفەدا خراوەتەڕوو. ئەفسانە دایکی زانستەکانە، یەکەم هەوڵی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە بوون کە دواتر بۆ عەقڵ [لۆگۆس] دەگوازرێتەوە و فەلسەفە لەدایک دەبێت. لە فەلسەفەی دێریندا دۆزینەوەی بنەڕەتی بوون دوو ڕەوتی ئایدیالستی و ماتریالستی هەبووە. ئایدیالستەکان بۆ (بابەتی) و (خودی) دابەش بوون، بەپێچەوانەی ماتریالستەکانەوە کە بۆ دیالێکتیکی و میکانیکی دابەش بوون و ماددە دەکەنە بنەڕەت. فەیلەسوفە سروشتگەراکان لەچەند قوتابخانەیەک پێکهاتوون و بوون بە سروشتەوە گرێدەدەن و بۆ بنەڕەتێکی وەک ئاو، هەوا، ئاگر و هتد یان وەک ئەناکسیماندەر بۆ سەرچاوەیەکی دیارینەکراو دەیگەڕێننەوە. ئیلیاییەکان بەپێچەوانەی ئەتۆمگەراکانەوە پێیانوایە بوون خاوەن یەکێتییەکی ڕەهایە. پارمەندیس دەڵێ: "بوون بوونە و نەبوون نییە". لەگەڵ دەرکەوتنی سوکراتدا بایەخدان بە مرۆڤ دەستپێکرد، بوونیش بە چاکە و ئازادییەوە بەسترایەوە، بەڵام ئەفلاتوون کە دامەزرێنەری میتافیزیکە، یەکەم فەیلەسوفە فەلسەفەی لە بوون نامۆ کرد. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا لاهووت و بوونی خودا بوو بە چەقی باسکردنی بوون، بەڵام لە سەردەمی ڕێنیسانسدا هەوڵ درا مرۆڤ لە خودا بسەنرێتەوە. فەلسەفەی نوێش چەند ئاراستەیەکی جیاوازی بۆ تێگەیشتن لە بوون ئاوەڵا کرد، لەوانە: ئاوەزگەری و ئەزموونگەری. دواتر باسی زاراوە و بنەماکانی بوونگەرایی و ئەو شۆڕشە دەکات کە بەسەر کۆجیتۆی [من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم]ی دیکارتیدا کرا، چونکە بوونگەراکان باوەڕیان بە پێشخستنی جەوهەر نەبوو، هەندێکیشیان هەر ڕەتیانکردەوە. ئاراستەی جیاوازی بوونگەرا هەن، دەگوترێت: ژمارەی فەلسەفە بوونگەراکان هاوتایە بە ژمارەی فەیلەسوفانی بوونگەرا. لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر ئاماژە بە چوار ئاراستە دەکات و دەشڵێ بوونگەرایی بەسەر هیچ ئاراستەیەکدا دابەش ناکەین. لێرەشەوە باسی چوار فەیلەسوف بۆ باسکردنی بنەماکانی ئەم فەلسەفەیە هەڵدەبژێرێت: (کیرکێگارد، نیچە، هایدیگەر و سارتەر). کیرکێگارد بوونگەرایەکە کە فەلسەفەکەی لە ژیانی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو دژی سیستمی توندی بابەتی هیگڵ وەستایەوە، تاکی خستە چەقی بیرکردنەوەی، بۆیە دەڵێ "ئەگەر دەتەوێ لەناوم ببەی، بمخە ژێر ڕژێمێکەوە، بمبەستەوە بە ڕێبازێکەوە، بەڵام من برغوو نیم، من منم". کیرکێگارد سێ شێوازی ژیانی خۆیی کە پێکەوەبەستراون بۆ بوونی مرۆیی باسکردووە: شێوازی جوانخوازی، ئاکاری و ئاینی. نیچە جگە لە سیستم، بیری ئاینی و دواجاریش بوونی خوداشی ڕەتکردەوە. بۆ نیچە بوون پەیوەستە بەسێ چەمکی: ویستی هێز، مرۆڤی باڵا و گەڕانەوەی هەمیشەیی. هەرچی هایدیگەرە، بە فەیلەسوفی بوون بەناوبانگە، بوون دەبێتە بنەڕەتی هەموو شتێک بە نەبوونیشەوە. دواتر توێژەر باسی دازاین و پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی بوونی مرۆیی، جۆرەکانی بوونی ڕەسەن و نارەسەن دەکات. سارتەر هەر لەسەرەتاوە خۆی بە بوونگەرا ناوبرد و توانی بوونگەرایی بهێنێتە ناو ئەدەبەوە.




بەشی دووەم، باسی بەرجەستەبوونی جۆرەکانی بوون و پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکانی وەک نیگەرانی و مەرگ لە ڕۆمانەکاندا دەکات. ڕۆماننووسان بەشێوەیەکی هونەری شێوازەکانی بوونی ڕەسەن و نارەسەنیان لە کارەکتەرەکانیاندا نمایش کردووە. ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"، کە ڕۆمانێکی فرەدەنگە، چەندین کارەکتەری سەرەکی و لاوەکیی تێدایە، ململانێی شێوازی ڕەسەن و نارەسەنی بوونیان دەکەن، بۆ نموونە جەلادەتی کۆتر لە دۆخێکدا دەکەوێتە درۆکردن لەگەڵ خۆی و خۆلەبیربردنەوە و دژی بوونی ڕەسەنی خۆی دەوەستێ. هەروەها بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانی "غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ"دا کە بۆ میتافۆری پاشا و شاعیران دابەش بووە، بنەمای بوونی ڕەسەن و نارەسەنە. لە ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ی عەتا نەهایی- دا کارەکتەری شێرزاد بەهۆی ترس، شەرم و خۆفریودانەوە کارەکتەرێکی نارەسەنە کە ناتوانێ بەرپرسیارێتی ژیانی لەئەستۆ بگرێت. دواتر توێژەر باسی میتامۆرفۆس وەک دۆخی نارەسەنبوون لە ڕۆمانە کوردییەکاندا دەکات. لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا دۆخی بەدگۆڕان لە کارەکتەری ئامانجدا دەردەکەوێت کە خۆی وەک بابەت لەبەردەستی ئەوانیتر لێدەکات و هیچ هەوڵی خۆڕزگارکردن نادات. هاوکات پانتاییەکی دیکەی بوونی نارەسەن و ڕەسەن لە بوون و ئەویتری بێگانە [ڕۆژئاوایی] دەردەکەوێت. ئەویتر دەشێ ببێتە دۆزەخەکەی سارتەر یان ڕزگارکەر. لە ڕۆمانی "پەناهەندە"دا ئەویتر دەبێتە پنتی ڕەسەنایەتی: "خۆنەناسین، خۆنەناسینی ئەویدیکەشە، بۆیە ڕۆژئاوا نە ئەمیانە و نە ئەویشیانە... ڕۆژهەڵات خۆیەتی، نایەوێت هەراش بێت و ورکنە بەرامبەر بە گەورەبوون! وەکو ئەو ماسیەی کە گازی لە کلکی خۆی گرتبێت". ڕۆماننووس پێیوایە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی پێویستمان بە ناسینی ئەویتری ڕۆژئاواییە، بۆ ئەوەی خۆمان بناسین و ژیانی بوون لەگەڵدا ئەزموون بکەین. هەروەها ڕۆمانی "هوتێل ئەورووپا"ش جیاواز لە ئەویتر دەڕوانێت، واتە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بۆ یەکتری ڕۆڵی ئەویتری پێویست دەگێڕن، دەنا کامڵ نابن، چونکە چەند جیاوازبن، بەڵام لەڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە یەکن. دواتر باسی توانەوە لەنێو نەریتی بازاڕی ئەوانیتر و بوون بە ئەوانیتر و خۆشەویستی وەک دۆخی نارەسەنایەتی دەکات. هەروەها ئاوڕ لە پرسی تەکنەلۆجیا و نارەسەنبوون دەداتەوە، لە ڕۆمانی "پەیکەرێک لە تۆزی تەباشیر"دا هاتووە "لەوەتەی موبایل پەیدابووە من هەستم بە لێدانی دڵم نەکردووە، ئەوە ئەوە لێدەدات، لەناو باخەڵم و لەبن قایشی پشتم و لەژێر سەرینەکەم"، ئەمە بریتییە لە داگیرکردن و لەبیربردنەوەی خۆ. پاشان باسی نیگەرانی و ترس، نیگەرانی لە هەڵبژاردن و بڕیاردان یان چاوەڕوانیی پەیوەست بە ڕەسەنایەتی و نارەسەنایەتی دەکات. لە کۆتایی ئەم بەشەشدا ئاماژە بە مەرگ دەکات کە هاوشێوەی نیگەرانی تاکە ڕێگەی گەیشتنن بە ڕاستەقینەی بوونی خۆ. مەرگ لەشێوازی دەرەئەزموونی و وەک ئەزموونی گێڕانەوە دوو دۆخی جیاوازی ڕەسەنایەتی و نارەسەنایەتی بەرجەستە دەکەن. لە ڕۆماندا کارەکتەر مردن وەک دواپرۆژەی بوونی خۆی دەبینێ، یان وەک ڕووداوێکی بەسەردا سەپێنراو.

لە بەشی سێیەمدا لە ڕێگەی چەند چەمکێکی بوونگەراییەوە ئاوڕ لە بەرجەستەبوونی بوون و ماهیەتی مرۆڤ لە ڕۆمانەکاندا دەداتەوە. پاری یەکەمیش بۆ ئازادی و هەڵبژاردن تەرخان دەکات. بۆ نموونە لە ڕۆمانی "کۆشکی باڵندە غەمگینەکان"دا ویست و ئیرادەی ئازادیی هەڵبژاردن لە کارەکتەری (سەوسەن فیکرەت گوڵدانچی) کە بوونێکی ڕەسەنی هەیە، دەردەکەوێت، ئەمەش لە بڕیاردانی ئازادانە و بەرپرسیارێتی لە بڕیارەکانیدایە. یان لە کارەکتەری (هۆمەر) لە ڕۆمانی "ژنێک بەسەر منارەوە" کارەکتەرەکە لەنێوان ژن و ماڵ و شۆڕشدا کاریگەری ئەوان ڕەتدەکاتەوە و خۆی شۆڕش هەڵدەبژێرێ. دواتر توێژەر باسی ئازادیی ڕەها و ئاکامی چاکە و خراپە دەکات و پێیوایە ئازادی لەخۆیدا خراپە نییە، بەڵام ئازادیی ڕەها لێکەوتەی خراپی هەیە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"دا نزار ئیدریس دەڵێ: "جگە لە خراپە ئینسان ڕێگایەکی تری نییە تا بیسەلمێنێ کەسێکی سەربەستە". نزار لە شۆڕشدا بۆ ئازادیی خۆی ئازادیی ئەوانیتر پێشێل دەکات "شۆڕش ئەوەیە مرۆڤ ئازادیی خۆی وەک جانەوەر بەربداتە گیانی ئەوانیدی". لە پاری دووەمدا باسی نامۆیی و بێهوودەیی و جۆرەکانی نامۆیی دەکات. نامۆیی خودی ئەوەیە مرۆڤ لە خۆی نامۆ دەبێت، نامۆیی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە دەوروبەری نامۆ دەبێت. لە ڕۆمانی "کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان"دا ژیانی کارەکتەری شیرین تژیە لە ئازار "مرۆڤ کاتێ گیانی لەبەرە، مەحکومیشە بەوەی لەم ژیانە بێمانایەدا ئازاری بێکۆتایی بچێژێت" یان نامۆیی و بێهوودەیی لە تاراوگەدا لە ڕۆمانی "خەونی بلووژستان" کە چیرۆکی کۆمەڵێ پەناهەندە و ئاوارەی کورد دەردەکەوێت، لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: "ئەگەر هەموو تەمەن بنووم هەر تێر نابم. من بە ماندوویی هاتوومەتە دنیاوە"، بۆیە لە ڕۆمانەکدا باسی دۆخی پەناهەندە دەکات کە جۆرێک ترازان لە سەردەم و بوونی خۆی لا دروست دەبێت. بێهوودەیی و نامۆبوون تارادەی ڕەشبینی وا دەکات لە کارەکتەری کاکل لە ڕۆمانی "پەناهەندە" دەست لە ناوە کوردیەکەی خۆشی هەڵگرێت. لە پاری سێیەمدا باسی یاخیبوون و بەرپرسیارێتی دەکات، بۆ نموونە لە ڕۆمانی "کۆچ"دا کارەکتەری نەورۆز وەک یاخییەک لە کۆمەڵگا دەردەکەوێت، لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: "ئەوان دەترسێن، لە چاوی ئافرەتی یاخی زۆر دەترسێن، لە قەڵەمی یاخی دەترسێن". دواتر توێژەر بە نموونەوە باسی جۆرەکانی یاخیبوون دەکات. لە کۆتایی نامەکەشدا یانزە خاڵ وەک ئەنجام دەخاتەڕوو، دیارترینیان ئەوەیە کە لە سنووری ڕۆمانە هەڵبژێردراوەکان بۆ نامەکە هیچ ڕۆمانێکیان تەواو ناچنە چوارچێوەی بوونگەرایی. لە ڕۆمانەکاندا هەردوو شێوازی بوونی ڕەسەن و نارەسەن هەیە، ململانێی بەرەو ڕەسەنایەتی چوون و لە ڕەسەنایەتی کەوتن پەیوەست بە بوونی ئەوانیترەوە تێبینی دەکرێت. لەڕووی جێندەرییەوە زۆرینەی کارەکتەرە یاخییەکانی ڕۆمانی کوردی مێیینەن، یاخیبوونیش بنەمای ڕزگاربوونە لە نامۆیی و بێهوودەیی. ئەویتری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە ڕۆمانە کوردییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە و مامەڵەیەکی فیکری لەگەڵ کراوە.

# خوێندنەوەیەکی کورتی شانۆنامەی "پشکنەر"

◄ سپێدە ساڵحی

**ئاخ! پێکەنین، بابەتێکی گرینگە!**
**گۆگۆڵ**

نیکۆلای ڤاسیلیڤیچ گۆگۆڵ (1809-1852) شانۆنامەی "پشکنەر"ی لە کۆتایی ساڵی 1835دا نووسیوە. ئەو لە نامەیەکدا و لە 7ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1835 داوا لە پووشکین؛ شاعیر و نووسەری گەورەی ڕووس دەکات بابەتێکی بۆ نووسینی شانۆنامەیەکی کۆمیدی بۆ دەستنیشان بکات. کەمتر لە دوو مانگ دواتر و لە 6ی دێسەمبەری هەمان ساڵدا، گۆگۆڵ لە نامەیەکدا بۆ میخائیل پاگودین، مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی ڕووس، باسی تەواوبوونی شانۆنامەی پشکنەری کردووە. بەرهەمەکە لە بەهاری ساڵی 1836 لە هۆڵەکانی شانۆی سان پیتەرزبۆرگ و مۆسکۆ چووە سەر شانۆ، بەڵام گۆگۆڵ بەردەوام لە دەقەکەدا گۆڕانکاریگەلێکی دەکرد تاکوو دواجار لە ساڵی 1842 دەقی کۆتایی شانۆنامەکە لە بەرگی چوارەمی کۆی بەرهەمەکانیدا چاپ کرا. یەکەمین چوونە سەر شانۆی پشکنەر بەپێی ئەم دەقەی کۆتایی لە ساڵی 1870 بوو.

ئەگەرچی زۆر لە ڕەخنەگران و لەوانە بلینسکی، ڕەخنەگری گەورەی ئەدەبی ڕووس و هێرتسێن، ئەم بەرهەمە بە جاڕدەر و ئاشکراکەری دیکتاتۆری و خۆپەرستیی تزار و خەبات دژی ڕایەتداریی دەزانن، بەڵام بەپێی گێڕانەوەکان، تزاری ڕووس، نیکۆلای یەکەم کە لە یەکەمین شەوی چوونەسەر شانۆی "پشکنەر"دا ئامادە بوو، کاتێ چاوی لە شانۆکە دەکرد قاقا پێدەکەنی. ئەو باشتر لە هەر کەسێکی دیکە دەیزانی کە کێشەکانی وڵات چەند قات لەوە زیاترن و لە دڵەوە خۆشحاڵ بوو کە شانۆنامەکە نەپەرژابووە سەر بابەتگەلی جدیتر و شاراوەتر. ئەوەی کە وەها دۆخێک دێتە ئاراوە تزار بە شێوەیەک لە شێوەکان بێتە ناو کایە و چاو لە گێڕانەوەیەک بکات کە خۆی دەکاتە ئامانج و پێدەکەنێت، قووڵی و فرەڕەهەندیی ئەو ڕستەیەی گۆگۆڵمان بۆ دەسەلمێنێ کە دەڵێت: "ئاخ، پێکەنین، بابەتێکی گرینگە!" ئەم هاوکێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەکنیک و سیاسەتە دەقییەی کە گۆگۆڵ بۆ پەڕینەوە لە سانسۆر و هەروەها بە مەبەستی گەیشتنی دەقەکە بۆ ناو پانتایی گشتی ڕەچاوی کردبوو. واتە هونەری گۆگۆڵ ئەوەیە کە بە پەرژانە سەر بابەتگەلی ئاسایی و سووک و بێ نرخ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زەینی خوێنەر بەرەو لای بابەتگەلی قووڵ و گرینگ ڕادەکێشێ. ئێمە ئەوەمان لەبیر ناچێت کە پشکنەرێک لە ئارادا نییە و ئەوەی هەیە فەرمانبەرێکی پلە مامناوەندی دەوڵەتە بە ناوی (ئیڤان ئەلیکساندەر خلیستاکۆف) کە بە یاوەریی یاریدەدەر یان نۆکەرەکەی (ئۆسیپ) هاتووەتە شارێکی بچووک تاکوو کارێکی ئاسایی ئیداری ئەنجام بدات، بەڵام پارە و پووڵی پێنامێنێ و لە میوانخانەیەکی بۆگەن و خراپدا نیشتەجێ دەبێت و پاش چەند ڕۆژ پارەکەی تەواو دەبێت. بەڵام شارەدار (ئانتۆن ئانتۆنۆڤیچ ئیسکوڤیزنیک دێمۆخانۆفسکی) و سیستەمی ئیداریی ئەو شارە بە کۆ و لەسەر بنەمای بانگەشە و دەنگۆیەک، وەکوو پشکنەرێکی نهێنی دەیناسن و هەموو دەچنە خزمەتی و ئەویش بە ڕۆحییەتێکی پارەپەرستانە و فیۆدالی هەموویان دەدۆشێ و پارەیان لێوەردەگرێت و تەنانەت تەماح دەکاتە ژن و کچی شارەدار و دێتە ناو هەرێمی تایبەتی ژیانی شارەدار و ماڵ و منداڵی و لە دواچرکەکانی شانۆنامەکەدا، سەرۆکی فەرمانگەی پۆست (ئیڤان کووزمیچ ئیشپێکین) ئاشکرای دەکات کە ئەمە پشکنەری نهێنی نەبووە و فەرمانبەرێکی دەوڵەتیی ئاسایی بووە لە سان پیتەرزبورگەوە هاتووە و کۆی ئەم کۆمیدی و ڕووداوە گاڵتەجاڕانەیەی نووسیوە بۆ هاوڕێیەکی ڕۆژنامەنووسی لە پایتەخت و دەیەوێت هەموویان لەسەر بنەمای پێکەنین ڕیسوا بکات، سەرۆکی فەرمانگەی پۆست کە وەکوو هەمیشە نامەی خەڵک دەپشکنێ و دەست وەردەداتە ژیانی تایبەتی خەڵک، نامەکە دەخوێنێتەوە و کۆی ڕازی پشت "پشکنەر" ئاشکرا دەبێت.

بابەتی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە لە وەها دۆخێکدا گرینگ نییە ئەم "پشکنەر"ە واقیعی بێت یان ساختەکار، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە سیستەم و پێکهاتی گەندەڵی شار تەنیا بە بیستنی وشەی "پشکنەر" و ئاگاداربوون لەوەی کە لێپرسینەوەیەک بەڕێوەیە، دەشڵەژێن و خۆیان ئاشکرا دەکەن و جاڕی ڕیسوایی خۆیان دەدەن. واتە هەمان شتێک کە لە پەردەی یەکەمی شانۆنامەدا ڕوودەدات. شارەدار پاش ئەوەی کە هەواڵی هاتنی "پشکنەر" دەگەیەنێتە بەرپرسانی فەرمانگە جۆراوجۆرەکان و بە ڕیز و بە نۆرە کەموکووڕی و گەندەڵییەکانی هەر فەرمانگەیەک دەداتەوە بە ناوچاوی سەرۆک و بەرپرسی ئەو فەرمانگانە، داوا دەکات تاوەکوو "پشکنەر" نەهاتووە بیرێک لە داپۆشینی ئەو کەموکووڕی و گەندەڵیانە بکەنەوە. بلینسکی، نووسەری گەورەی ڕووس، لە ساڵی 1840 لە وتارێکدا خوێندنەوەیەکی بەڵگەمەندی لەم بەرهەمەی گۆگۆڵ خستەڕوو. ئەو ئاماژەی بە ڕیالیزمێکی ئامادە لە کۆمێدیی گۆگۆڵ کرد و لە شیکارییەکی ورددا پێوەندیی کەسایەتییەکان و کردەوەکانیانی لەگەڵ دۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەوسەردەم پیشاندا. بلینسکی لە شیکاریی ((فەلسەفەی سادە))ی شارەداردا دەڵێت: "دەبێ لە ژیاندا بەختەوەر بین و بۆ ئەمەش دەبێ پارەمان هەبێت و پلە و پایە، بۆ بەدەستهێنانی ئەمانەش، بەرتیلوەرگرتن، دزی لە خەزێنە، کلکەسووتە بۆ بەرپرسان و چەمینەوە لە هەمبەر خانزادە و بەتواناکان و توندوتیژی و ئازاردان لە هەمبەر ڕەعیەت ڕێگەی پێشکەوتنە. ئەو دەزانێت کە ئەم کردەوانەی ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لای خودا بە گوناه هەژمار دەکرێن، بەڵام ئەم زانینە ئەبستراکت و دەرهەستە، زانینەکەی لە مێشکدایە و نەچووەتە ناو دڵی. خۆی بەم ڕستە ناودارانەی هەموو کەسانی بچووک دەخەڵەتێنێ و پاساو بۆ کردەوەکانی دێنێتەوە: ((من نە یەکەمین کەسم و نە دواهەمینیش. هەمووان هەر ئەمە دەکەن))....جیا لە شارەداریش کەسانی دیکەش دەکەونە داوی کاریگەریی ئەم ڕستە جادوویەوە ((هەمووان هەر ئەمە دەکەن)). شارەدارەکەمان هەر لە سەرەتاوە وشیار و زیرەک نەبووە و هەر بەم هۆیەش ڕستەی ((هەمووان هەر ئەمە دەکەن)) وەکوو پاساوهێنان بۆ ویژدانی پڕکەلێنی تەواو و شیاوە."

### کورتەی چیرۆکەکە

گۆگۆڵ لە شانۆنامەی کۆمێدیی "پشکنەر"دا کۆمەڵگایەکی چەقیو لە گەندەڵی و بێئەخلاقی پیشان دەدات، هەموو کارەکتەرەکان لە ململانێیەکی هاوبەش و جێگرتوودان لەناو هاوکێشەیەکی هاوبەش؛ چالاکبوون لەناو گەندەڵییەکی ئاسایی و جێگیر.

نیکۆلای گۆگۆڵ لەم بەرهەمەدا کۆمەڵگا و تایبەتمەندییەکانی و پێکهاتی دەسەڵاتی ڕووسیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەگێڕێتەوە. پێکهات و فۆرمی حکوومەت، فێرکاری و ڕاهێنان و پەروەردە، دەرمان، بازاڕ، دادگا، کاسبەکان، خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگا و هەروەها دەرکەوتە و تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی پەیوەست بەمانەوە... بەرتیلوەرگرتن، پارەخواردن، کلکەسووتە، خۆپەرستی، دووڕوویی و فیتنەنانەوە و...

گێڕانەوەکە بە ترس و دڵەڕاوکێ دەستپێدەکات. ترس لە پشکنەر، ترس لە سێبەرێکی چاودێر و وشیار کە دەیانخاتە داوی فریودان و ئەخلاقگەلی ڕەش و ساختەچێتییەوە.

ئاخێزگەی ئەم ترسە ئامادەیی گەندەڵییەکە کە لە هەناوی کۆمەڵگا و پێکهاتی ئیداریدا جێگیر بووە، بەڵام لێپرسینەوەی لێنەکراوە، هەمووان یاسای کایەکەیان قبووڵ کردووە و کەس نارەزایەتی نانوێنێ. هەر ئەم ترسەشە کە پێگەی ڕاستەقینەی هەر کامەیان دیاری دەکات و هەر کامەیان بە زمانێک دەکەونە خۆجاڕدان و دانپێدانان، شارەدار بە زمانێکی خەمناک و تراژیک و فەرمی و لە هەمانکاتدا پڕ لە ستایش و کلکەسووتە و .... دوو برا گێژەکەش (بوبچینسکی و دوبچینسکی) بە زمانێکی پڕ لە گاڵتە و گەوجی و بێ دەستوپێ، بەڵام پڕ لە کلکەسووتەیی و... ژن (ئانا ئاندرێیڤنا) و کچ (ماریا ئانتۆنێڤنا)ی شارەدار بە زمانێکی ژنانە و پیاودۆستانە و ڕۆمانتیک و زەبوونانە، بەڵام هەمدیس جۆرێک لە ستایش و کلکەسووتەی تێدایە و...گۆگۆڵ لێرەدا تەنیا پێکهاتی دەسەڵاتی تزاری ناکاتە ئامانج، بەڵکوو قامک لەسەر جۆرە گەندەڵییەک دادەنێ کە هەمووان، تەنانەت خەڵکی ئاساییش لەسەری ڕێککەوتوون و قبووڵیان کردووە، بەشێوەیەک کە خەڵک ماهووتی (جۆرە پارچەیەک) گەندەڵ و خراپ دەفرۆشێت بە دەوڵەت یان لە کاتی لێدانی پردیشدا لەباتی سەد ڕۆبل، بیست هەزار ڕۆبل لە حسێبیان دەنووسن، بابەتی گرینگ ئەوەیە کە کامیان لەم گەندەڵییەدا بەدەسەڵاتتر و لێهاتووترە و ئەویتریان دەپلیشێنێتەوە.

ئامادەیی پشکنەرێکی ساختەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان چەندە ڕواڵەتبینن و لە هەمان کاتدا بەهۆی کردەوە گەندەڵەکانیانەوە چەندە ترساون و ساختە و ئەسڵ لێک جودا ناکەنەوە.

پشکنەر لەڕاستیدا پشکنەر نییە، بەڵکوو فەرمانبەرێکی خۆشگوزەران و بەرەڵڵا و ڕابوێرە. پشکنەر و ترسێک کە لەگەڵ خۆی دەیهێنێت، ڕاستییەکی کۆمیک و پێکەنیناوییە کە بە وتەی گۆگۆڵ دەبێ تەنها پێی پێکەنین و پێکەنین لەم شانۆنامەیەدا تەنیا کارەکتەری سەرەکی و ئەرێنییە. تا شوێنێک کاتێک کە ڕوخساری ڕاستەقینەی پشکنەر بۆ خەڵکی دەردەکەوێت، خەڵک بە شارەدار پێدەکەنن و ئەویش دەڵێت: بە چی پێدەکەنن؟ بە خۆتان؟

"خود" (خۆتان) لێرەدا هەموو ئەو کۆمەڵگایەیە کە بەپێی یاسایەکی پەسەندکراوی ئەخلاقی دەژین و لەسەر گەندەڵی و لێکەوتەکانی ژیان بەسەر دەبەن.

شانۆنامە بە ترس دەستپێدەکات و بە ترس و ناهومێدی تەواو دەبێت، چوون پاش کەشفی پشکنەری ساختە ئەوان دەبێ چاوەڕوانی پشکنەری ڕاستەقینە بن، لەڕاستیدا گۆگۆڵ پێکهاتێکی بازنەیی بەکاردێنێت تاکوو ترسی سەرەتا و ترسی کۆتایی لە خاڵێکی نائومێدانەدا پێکەوە گرێ بدات و بڵێت ئەم کایەیە تا ناکۆتا بەردەوام و سووڕاو دەبێت. دوا دیمەنی پەردەی کۆتایی شانۆنامەکە بێدەنگی و وەستانێکی یەک و نیو خولەکییە کە ئاماژەیە بە نەگۆڕانی دۆخەکە و بەردەوامبوونی ئەو کایە زاڵە. ئەم دیمەنە کۆمێدی و گاڵتە پێکەوە تێکەڵ دەکات و پێکەنینێکی تراژیک دەخولقێنێ. شانۆنامەی پشکنەر نواندنەوەی پێکهاتی کۆمەڵگا و حکوومەتی ڕووسیا لە سەدەی نۆزدەهەمە، بەڵام پێدەچێ گونجاوترین دەربڕین و دۆخ و ئاماژە بێت بەو شتەی کە لە وڵاتانی پێشنەکەوتوو و جیهانی سێهەمدا ئامادەیە.

**سەرچاوە:**
**1-نیکالای واسیلیویچ گوگول، ترجمه پیتین گلکار، بازرس، کمدی در پنج پرده**



## ◄ ئارام محەممەد، نووسەر و ڕۆماننووس:

# ئەدەبی گێڕانەوە کۆتایی بە بێدەنگیی ناوەوەی مرۆڤ دێنێت



لەپاڵ ڕۆماننووسیندا هەمیشە گفتوگۆ لەسەر ئەو ژانرە درێژەی هەبووە، خوێنەران هەمیشە بە دوای هەندێ لەو وەڵامانەوەن کە پەیوەندییان بە سرووتەکانی نووسینەوە هەیە لای ڕۆماننووسان. ڕۆماننووسێک کە ڕۆمان دەنووسێت چۆن سەرەتا بیر لە بیرۆکەکەی دەکاتەوە، چۆن یەکەم ڕستە و پەرەگراف دەنووسێ. چۆن نووسەرانی تر کاریگەری لەسەر دادەنێن و ئەو چۆن دەتوانێت نەبێتە کۆپییەک لەوان؟

"ئەدەب و کولتوور"ی ڕووداو درێژە بەم گفتوگۆ بەردەوامە دەدات لەگەڵ چەند نووسەرێکی گەنجی کورد کە ڕۆمانێک یان زیاتریان نووسیوە و لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە نووسینی ڕۆمانەوە هەیە، ڕوونکردنەوە و قسەی خۆیان دەکەن.

لە چوارەم گفتوگۆماندا، ئارام محەممەد، نووسەر و ڕۆماننووس وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتوور

**ڕووداو: دەمەوێت ڕاستەوخۆ لەم پرسیارە بە "ڕووکەش" سادەیەوە دەستپێبکەم، بۆچی بیرت لە نووسینی ڕۆمان کردەوە؟**

**ئارام محەممەد:** بەگشتی پێش ئەوەی بیر لە نووسینی ڕۆمان بکەمەوە، بیرم لە خودی نووسین کردووەتەوە، لەناو نووسینیشدا ئەدەبیات بەگشتی بابەتی مەیل و سەرنجی من بووە. لێرەوە کاتێک بەر تاقیکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان دەکەویت، لە شیعرەوە دەستپێدەکات و دەگاتە چیرۆک و ڕۆمان، لەو ئەزموونەدا مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت کە ئایا کامە ژانری ئەدەبی باشتر دەتوانێت کار لە کۆگا شاراوەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەی بکات؟ بۆ من ئەدەبی گێڕانەوە کلیلی چوونەژوورەوە بوو بۆ ئیشکردن لەناو یادەوەریدا. من زوو بەر جادووی گێڕانەوە کەوتم، چەند ساڵێک وەک ڕۆژنامەنووس بەدواداچوونی مەیدانیم کرد، ئیشەکە جۆرێک بوو لە فۆڕمی گێڕانەوە، یان بڵێین زیاتر بنکۆڵکردنی ڕووداوێک و لێکدانەوە و شرۆڤە بوو، جارجاریش خەیاڵ دوور دەڕۆیشت و نەدەهاتەوە، لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، بەر زۆر بابەتی هەمەجۆر و سەرنجکێش دەکەوتم، هەمیشە کۆمەڵێک شت دەمایەوە کە لە ڕۆژنامەدا جێگەیەک بۆ خستنەڕووی نەبوو، بیرۆکە و بابەتی زۆر هەبوون کە دەمویست لە چوارچێوەی نووسینێکدا جێگەیان بکەمەوە و لەبارەیانەوە بدوێم، بۆ ئەم کارەیش ئەدەبیاتی گێڕانەوە پانتایی و ئازادییەکی زیاتری هەبوو بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، خۆیشم خوێنەرێکی باشی ڕۆمان و چیرۆک بووم، لەو کاتەی کە لە زانکۆش بووم، خولیا و ئیشکردن و تەنانەت ڕیسێرچی ساڵی کۆتایی خوێندنم لەبارەی ڕۆمانەکانی جۆرج ئۆروێلەوە بوو، واتا هەم پێشینەیەک هەبوو، هەم حەز هەبوو، بۆیە یەکەم ئەزموونی من ڕۆمانی (سەمای سڕبوون) بوو. ئەم کارەم ڕێک نووسینەوەی ئەو ئەندێشە و بیرۆکانە بوو کە ماوەیەکی زۆر بوو بە شێوەی جۆراوجۆر دەمویست لەبارەیانەوە بنووسم، ئەم کارە دەروازەیەکی گرنگ بوو، تا باشتر و چڕتر لەگەڵ ژانری ئەدەبیاتی گێڕانەوە تێکەڵ ببم و بەردەوام بم. کارەکە ئاسان نەبوو، بەڵام بە هەموو تێبینی و سەرنجەکان کە ئێستا لەبارەی ڕۆمانەکەوە هەمە، خەیاڵ و بیرۆکەکانیم خۆشدەوێن.

**ڕووداو: نووسەرێکی دیاریکراو هەیە بە تایبەت ئیلهامت لێ وەرگرتبێت، یان لە چرکەیەکی بەریەککەوتندا بیرۆکەی ڕۆماننووسین لای تۆ سەری هەڵدابێت؟**

**ئارام محەممەد:** بێگومان بیرۆکەی ڕۆماننووسین شتێک نییە لە ناکاوێک فێری بیبیت، ئەدەبیاتی گێڕانەوە و نووسین بە گشتی، پەیوەندی بە سوودوەرگرتن و قووڵبوونەوە هەیە لە ئەزموونی ئەوانی دیکە، لەڕاستیدا جۆرێک لە ڕاهێنانیشی پێویستە، چونکە تۆ دەکەویتە بەردەم نووسینێکی درێژ، نووسینێک کە بەرزی و نزمیی زۆری تێدایە، پێویستت بە هەناسەیەکی قووڵ هەیە، هەتا بە پراکتیکی نەکەویتە ناو دۆخەکەوە هەست بە دژواریی وردەکارییەکانی زمان و داڕشتن و مانا ناکەیت، وێڕای هەموو ئەوانەیش دەبێت بڕیار بدەیت، چۆن دەینووسیت و چی دەنووسیت؟ دواجار خۆت لەو ڕێگەوە شێوازێک هەڵدەبژێری و بە پاڵپشتی زمانی گێڕانەوەت، ئەوە دەڵێیت کە دەتەوێ. ئەزموونی خوێندنەوەی من لە قۆناغی جیاواز جیاوازدا، بووەتە هۆی دروستکردنی پاشخانێک کە لە کاتی نووسیندا بۆی گەڕاومەتەوە. من لەسەر یەک نووسەری دیاریکراو نەوەستاوم، ماوەیەک سەرسامی هێرمان هیسە و ماوەیەک جۆرج ئۆروێل، ماوەیەک جۆن گرین، هەریەک لەو نووسەرانە خاوەنی ستایل و تایبەتمەندیی زۆر جیاوازن. کە لە زانکۆ بووم، سەرسامی ئەدەبیاتی ئەبسێرد بووم، زۆرینەی کارەکانی بێکێت، سارتەر و کامۆم خوێندەوە، هەڵبەت هەتا خوێندنەوە بەردەوام بێت، سەرسامبوون و کاریگەربوون بەردەوام دەبێت، هەر لە بنەڕەتەوە من ئەگەر سەرسامی ستایل و شێوازی نووسینی نووسەرێک نەبم، ناتوانم بیخوێنمەوە. قۆناغی دوای کاریگەربوون، دۆزینەوەی ستایل و زمانی تایبەت بە خۆتە، گەڕانەوەیە بۆ ناو ئەزموونی ژیانی خۆت، لێرەوە هەموو شتەکان بە دنیابینیی خۆتدا تێپەڕ دەبن.

**ڕووداو: هەموو ڕۆمانێک سەرەتا بیرۆکەیەکە، دەمەوێت سەرهەڵدانی بیرۆکەی یەکەم ڕۆمانت باس بکەی، ئەم پرۆسەیە لە خەیاڵی تۆدا بە چ پلەبەندییەکدا ڕۆیشتووە، بۆ هەندێ نووسەر، باسکردنیان لە بیرۆکەی پشتی نووسینی ڕۆمانێکیان لە ڕۆمانەکە خۆی درێژتر بووە، ئەم پرۆسە لای تۆ چۆن بووە؟**

**ئارام محەممەد:** (سەمای سڕبوون) یەکەم ئەزموونی گێڕانەوەی من بوو، کارەکە لەپێناو گێڕانەوەی کۆمەڵە ڕووداوێک بوو کە پێموابوو بە نووسینەوەیان دەتوانم شتێکی جیاواز بڵێم، دیویێکی دیکەی پرۆژەکە، شکاندنی بێدەنگی بوو. ئەدەبی گێڕانەوە کۆتایی بە بێدەنگیی ناوەوەی مرۆڤ دێنێت، یا بڵێین دەرگاکان بەسەر دەنگە کپکراوەکاندا دەکاتەوە و یادەوەرییەکان پەرشوبڵاو دەکات، بۆ منیش هەر وابوو، بەشی زۆری ڕۆمانەکە لە کاتی جیاوازدا نووسرابوو، ماوەیەکی زۆر وازم لێی هێنابوو، چونکە هێشتا نەگەیشتبوومە باوەڕی ئەوەی فۆڕم و زمانی تێکستەکە تەواوە و شایەن بە بڵاوکردنەوەیە. کێشەم لەگەڵ سەرەتای گێڕانەوەکە هەبوو، بیرۆکەی تەواوکردن و زیادکردنی بەشێک، لە چرکەساتێکی سەیردا بووە باوەڕ، لەگەڵ هاوڕێیەکم بە گەشتێک لە زاخۆ بووین، چووینە سەر ڕووباری خابوور، دنیا گەرم بوو، خەڵکانێک لە کەیف و سەفادا هەڵدەپەڕین، پیاوێکی پیرم بینی شیرینیی دەفرۆشت، ئاسایی نەبوو، جلوبەرگ و ڕوخساری زۆر نامۆ دیار بوو. ئینجا هەندێک شت هەیە مرۆڤ ناتوانێت لێی ڕابکات، ڕیشە سپییەکەی هاتە ناوچاوم، دەستە لەرزۆک و چاوە بچووکەکانی پڕی گێڕانەوە بوون، لەگەڵی کەوتمە گفتوگۆ، وەک جۆرێک لە جادوو، شێوازێکی گێڕانەوەی هەبوو بۆ وەڵامی هەر پرسیارێکی من کە سەیر خستمیە ناو چیرۆکەکەی خۆی. ڕۆژێکی سەیر بوو، ژیانی ئەم پیاوە بە ماوەیەکی کورت، بە گێڕانەوەیەکی سەیر گەیشتە خەیاڵ و تێکەڵ بە یادەوەرییەکانم بوو، لە چەندین لاوە نزیکی و لێکچوون هەبوو لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی پێشتر نووسیبوومنەوە، ئەوە بووە هۆی ئەوەی بۆ ڕەشنووسی تێکستەکە بگەڕێمەوە و دووبارە دایبڕێژمەوە. ڕۆمانەکە گێڕانەوەی چەند سەفەرێک بوو، بە تەواوی چوومە ناو ڕووداوەکان، گەڕامەوە ناو گێڕانەوە کاریگەرەکانی ژیانی خۆم. پرۆسەی نووسین کارێکی زۆر زەحمەتە، بە بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەم دەزانی و دەزانم، هەر بۆیە کە ڕۆمانەکەم تەواو کرد، ناردم بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی جیاواز، تا بگەمە باوەڕی ئەوەی ئەو کەلێن و کێشانەی لە تێکستەکەدا هەن و من نایانبینم، بیاندۆزمەوە و چاکیان بکەم. ئەم شێوە ئیشکردنەم تا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەمە لە جیهاندا شتێکی باوە، کاتێک کەسێک ڕۆمانێک دەنووسێ، پێش بڵاوکردنەوە خەڵکانی شارەزا لە وۆرکشۆپێکی تایبەتدا وردەکاری و کێشەکانی دەخەنەڕوو تا نووسەر پێداچوونەوەی تێدا بکات... لێرە ئەوە نییە، بۆیە هاوڕێکانمان ئەو ئەرکە دەگرنە ئەستۆ.

**ڕووداو: ناونیشانی ڕۆمانەکەت چۆن هەڵبژارد. بەشێک لە نووسەران ناونیشانی ڕۆمان بە ئاڵۆزترین و پڕکێشەترین بەشی نووسینەکەیان دەزانن، لای تۆش هەمان ئاڵۆزی هەبوو، چ پێوەر و میکانیزمێک لای تۆ ناوی ڕۆمانەکەت دیاری دەکات؟**

**ئارام محەممەد:** دیاریکردن و بڕیاردان لەسەر ناونیشانی تێکست، شتێکی جێگیر نییە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، دەکرێت پێش ئەوەی دەست بە نووسینی ڕۆمانەکە بکەیت ناونیشانێک ئامادە بێت و ئیتر گێڕانەوەکانی بەدوادا بێت، یان دەکرێ گێڕانەوەکان تەواو بن و لە کۆتاییدا بگەڕێیتەوە سەر ناونیشان، بۆ من هەردوو حاڵەت هەبووە، ڕۆمانی (خەوتوو) پێش ئەوەی دەست بە نووسینی بکەم، ناونیشانەکە یەکلایی ببووەوە، بەڵام بۆ ڕۆمانەکانی دیکەم، دوای تەواوبوونی ڕەشنووسی تێکستەکە گەڕاومەتەوە بۆ ناونیشان، بێگومان پرۆسەکە زۆر ئاڵۆزە و کاتێکی زۆری دەوێت تا یەکلایی دەبێتەوە و ناونیشانەکە جێگیر دەبێت. ناونیشان گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەگەر نووسەر ئامانج و مەبەستی نووسینی تێکستەکە دابەشی دوو ڕووبەر بکات، ئەوا ناونیشان بە تەنیا ڕووبەرێک دەبات و کۆی گێڕانەوەکەش ڕووبەرێک، بۆیە کارێکی زەحمەتە ڕستەیەک، وشەیەک، بدۆزیتەوە و ببێتە ئاوێنەی ڕووبەرێکی تەواوی مانا و مەبەستی نووسەر.

**ڕووداو: پرسی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ڕۆمان پرسی گەرمی نووسەران بووە لە بارەی نووسینی ڕۆمانەکانیانەوە، هەندێک پێیانوایە ڕستەی سەرەتا داڕێژەری هەموو ڕۆمانەکەیە و هەندێک کۆتایی و هەندێک ناوەڕاست، نووسەرانێکی وەک هەمینگوەی و مارکیز سەدان لاپەڕەیان لەبەر ڕستەی یەکەمی ڕۆمانەکەیان دڕاندووە کە بە دڵیان نەبووە، تۆ چۆن مامەڵەت لەگەڵ ئەوە کردووە؟**

**ئارام محەممەد:** شێوازی نووسینی ڕۆمان ئەوە دیاری دەکات کە ئایا چۆن ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئایا پرۆسەی گێڕانەوەکە وەک مۆدێلە کلاسیکییەکە بریتی دەبێت لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی؟ یان شێوازێکی دیکە پەیڕەو دەکەیت و ئەو گێڕانەوە زنجیرەییە تێکدەشکێنی. بابەتەکە ماتماتیکییانە نییە، بە تایبەت ئێستا کە شێواز و تەکنیکی گێڕانەوە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، مەبەستم لە ڕۆمانی مۆدێرن و پۆستمۆدێرنە، شێواز و تەکنیکی زۆر تاقی کراونەتەوە، زۆر گرنگە لە کارێکەوە بۆ کارێکی دیکە ئیش لەسەر جیاوازی بکەیت، ئەگەر ئەوە ڕوونەدات ئەوا خۆت دووبارە دەکەیتەوە و بە دەوری بازنەیەکدا دەسووڕێیتەوە. دەستپێکی نووسین بە گشتی و بۆ ئەدەبیاتی گێڕانەوە کاریگەری و گرنگییەکی زۆری هەیە، بێگومان ڕستە و پەرەگرافی یەکەمی ڕۆمان وەک هەنگاوی یەکەم ڕۆشناییەک دەبەخشنە خەیاڵ بۆ ئەوەی خوێندنەوەی تێکستەکە بەردەوامیی هەبێت، زۆر لە نووسەران لەبارەی ئەو گرنگییەوە قسەیان هەبووە، بابەتەکە ڕوونە، خوێنەر یەکەم تێڕوانینی بۆ تێکستەکە لە ڕستەی یەکەمەوە بۆ دروست دەبێت، کامۆ لە ڕۆمانی بێگانەدا بە ڕستەی یەکەم خوێنەر دەتەزێنێ، بەشێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە کامۆ بەم ڕستەیە بەشی هەرە زۆری مانای ڕۆمانەکەی خستووەتەڕوو. ڕستەی یەکەم وەک کلیل وایە، ناکرێت لە سەرەتاوە خوێنەر بخرێتە دۆخێکی شڵەژاوەوە کە ئایا ئەو تێکستە شایەن بەوەیە کاتی بۆ تەرخان بکرێت بە دیارییەوە دابنیشێت! لە دنیادا ئەوە بووەتە شتێکی باو، کە باشترین دەستپێک لە ڕستە و پەرەگراف لە ڕۆمانەکاندا دیاری دەکرێت، ڕۆژنامەی گاردیان باشترین دە دەستپێکی ڕۆمانی لە مێژوودا دیاری کردووە کە لە جەین ئۆستنەوە دەستپێدەکات و لە جۆیس کۆتایی دێت، بە هەمان شێوە بی بی سی و چەندان ناوەندی دیکەی ئەکادیمی و ڕاگەیاندن بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو پلەبەندییەیان هەم بۆ باشترین ڕستەی دەستپێک و هەم بۆ پەرەگرافی دەستپێک کردووە. من لە کاتی نووسینی هەر چوار ڕۆمانەکەمدا پەرەگرافی یەکەمم دواخستووە و بەشەکانی دیکەم تەواو کردووە، ئەم دواخستنە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەروازەی تێکست دەبێت بە ئاگاییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، کاتێکی زیاتری پێ بدرێت تا دەروازەکە نائومێدکەر نەبێت.

> **بۆ من ئەدەبی گێڕانەوە کلیلی چوونەژوورەوە بوو بۆ ئیشکردن لەناو یادەوەریدا**

**ڕووداو: ئێمە بە پێچەوانەی شیعرەوە، بناغەیەکی پتەوی ڕۆمانی کلاسیکمان نییە کە سروشتیانە ڕێی کردبێت تا ئێرە، تۆ لە نێوان نەبوونی باکگراوندێکی ڕۆمانی کلاسیکی کوردی و نووسینی مۆدێرنانەی ئەمڕۆ چۆن بیر دەکەیتەوە، ئەم پەڕینەوە خێرایە لای تۆ کێشەی دروست نەکردووە؟**

**ئارام محەممەد:** پێوەرەکان بۆ ڕوانین لە قۆناغەکان بەپێی ژانرەکان دەگۆڕێت، شیعر جیاوازە لە ئەدەبی گێڕانەوە، ناکرێت بە هەمان پێوەر مامەڵە بکەین، خۆی ڕۆمان لێرەوە گەشەی نەکردووە تا وەک بناغە گەنجەکان بۆی بگەڕێنەوە، ڕۆمان هەر خۆی ژانرێکی نوێیە، مێژوویەکی درێژی نییە وەک شیعر، واتا دەکرێ بۆ ڕۆمانی وەرگێڕدراو بگەڕێینەوە، ڕۆمانی بیانی ڕۆڵی ئەدەبیاتی کلاسیکی بینیوە، تا ئێستەیش ئێمە ئیلهام لە ڕۆمانی وەرگێڕدراو وەردەگرین و کاریگەریی شێواز و تەکنیکی ڕۆمانی مۆدێرن و پۆستمۆدێرنمان لەسەرە، هەڵبەت ئەگەر هەڵسەنگاندنێک هەبێت، ئەوا بە پێوەری ڕۆمان لە ئەورووپا و ئەمەریکا ئەدەبی خۆمان هەڵدەسەنگێنین. من پێموایە ئەمە ڕێگە ڕاستەکەیە و هیچ کێشەیەک لەوەدا نییە، ئەمە بۆ زۆرینەی نەتەوەکانی دیکەی دنیاش ڕاستە، ئەوەی گرنگە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو شێواز و تەنکنیک و گێڕانەوەیەیە بۆ خزمەتی ئامانجێکی دیاریکراو، بۆ نموونە زۆر نووسین لەبارەی هۆلۆکۆستەوە، وای کرد کە ئەدەبیاتێک دروست بێت و ناو بنرێت (ئەدەبیاتی هۆلۆکۆست)، ئەوە بە ئامانج ئیشکردنە. خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ بۆ ئەدەبی ئێمە بەکارهێنان و دۆزینەوەی فۆڕمی زمانی گێڕانەوەیە، ئەمە کارە زەحمەتەکەیە، چونکە ڕۆمانی وەرگێڕدراو لەوەدا ناتوانێت کۆمەکمان بکات، دەبێت نووسەر خۆی هەوڵ بدات زمانێک بدۆزێتەوە تا لەو ڕێگەوە گێڕانەوەکان بەرەو پێش ببات. بێگومان ئەمە کارێکی زۆر و هەوڵدان و وردبوونەوەی پێویستە، پێش هەمووشت دەبێت خۆمان فێری کوردییەکی باش بکەین و بۆ وشە دانەمێنین. پێموانییە پەڕینەوەیەکی خێرا هەبێت، زۆرینەی ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکان سەر بە ڕۆمانی کلاسیک یان مۆدێرنن، کەمتر ڕۆمانی پۆستمۆدێرن وەرگێڕدراوە، یان هێشتا ئەو پێشوازییە زۆرەی لێ ناکرێت، قسەکە بۆ ئەوانەیە کە تەنیا بە کوردی دەخوێننەوە، ئەوانەی بە زمانی دیکە دەخوێننەوە دۆخەکە شتێکی دیکەیە. ڕووبەر و ئاشنابوون بە نوێترین شێواز و زمانی ئەدەبیات بۆ ئەوان خێراتر و فراوانترە.

> **لە نووسینی هەر چوار ڕۆمانەکەمدا پەرەگرافی یەکەمم دواخستووە و بەشەکانی دیکەم تەواو کردووە**

# چاکەتی جادوویی

دینۆ بوتزاتی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر

زۆرم حەز لە جلوبەرگی جوانە، بەڵام ئاسایی سەرنج نادەمە ڕێکپۆشی یا ناشیرینپۆشی هاوگفتوگۆکانم. بەهەرحاڵ، شەوێک لە میوانییەک لە ماڵێکی شاری میلان، پیاوێکم ناسی تەمەنی نزیکەی چل ساڵ دەبوو، بەڕاستی بەهۆی جلوبەرگە جوان و هاوکات سادەکەیەوە دەدرەوشایەوە.

نازانم کێ بوو، یەکەمجار بوو دەمبینی و وەختێ یەکتر ناسین، وەک هەمیشە لە ناوەکەی تێنەگەیشتم، بەڵام ئەو شەوە لە دەرفەتێکدا خۆم گەیاندێ و کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵی. مرۆڤێکی ڕێکوپێک و بە ئەسڵ و نەسەب دەهاتە بەرچاو، بەڵام خەرمانەیەک لە خەموخەفەت دەوری دابوو. زۆر بە قووڵی باسی چاکەت و پانتۆڵەکەیم کرد – کە ئەی خۆزگە زمانم لاڵ دەبوو باسم نەدەکرد- تەنانەت پڕکێشیم کرد و پرسیم بەرگدرووەکەی کێیە.

پێکەنینێکی سەیر نیشتە سەر لێوەکانی، وەک ئەوەی چاوەڕێی پرسیارەکەی من بێت: (پێموانییە کەس بیناسێت. سەرباری ئەوەش ئوستازێکی گەورەیە. تەنها کاتێک کار دەکات سرووشی بۆ بێت، بەتایبەت بۆ کڕیارەکانی.)

(کەواتە من ناتوانم...)

(تاقیبکەرەوە، تاقیبکەرەوە! ناوی کۆرتیچلایە، ئەلفۆنسۆ کۆرتیچلا، شەقامی فیرارا، ژمارە حەڤدە.)

(بێگومان هەقدەستەکەیشی زۆرە.)

(وابزانم، بەڵام سوێند دەخۆم کە نازانم. سێ مانگ لەمەوبەر ئەم چاکەت و پانتۆڵەی بۆ درووم و هێشتا پسووڵەی حسابەکەی بۆ نەناردووم.)

(وتت کۆرتچیلا، شەقامی فیرارا، ژمارە حەڤدە؟)

کابرای نامۆ وەڵامی دایەوە: (تەواو راستە.) و منی جێهێشت و چووە لای کۆمەڵێکی تر لە میوانەکان.

خانووی ژمارە حەڤدە، لە شەقامی فیرارا وەک زۆرێک لە خانووەکانی تر و وەک زۆرێک لە ماڵە بەرگدرووەکانی تر بوو، ئەم خانووە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەلفۆنسۆ کۆرتچیلا بوو. خۆی دەرگای لێکردمەوە، پیرەمێردێکی وردیلە و قژی ڕەش بوو، کە هەڵبەت دیار بوو بۆیاخ کراوە.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیمەوە، داواکردن بۆ ڕادانی چاکەت و پانتۆڵێک لەو کارێکی سەخت نەبوو. لەڕاستیدا، وەک بڵێی تامەزرۆ بوو من ببمە کڕیاری. پێموت: ناونیشانەکەیم لە کوێ دەستکەوتووە. زۆر باسی دەسترەنگینییەکەیم کرد و تکام لێکرد چاکەت و پانتۆڵێکم بۆ بدروێ. قوماشێکی لۆکەی ڕەنگ خۆڵەمێشیمان هەڵبژارد، دواتر پێوانەی گرتم و پێشنیازی کرد بۆ پەراوەکەی بێتە شوقەکەم. پرسیاری هەقدەستەکەم کرد. وەڵامی دایەوە کە پەلەی نییە، بە جۆرێک پێکدێین. سەرەتا وام بیرکردەوە، کەیفم پێیدێ، بەڵام لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵێ هەستمکرد پیرەمێردی وردیلە هەستێکی ناخۆشی لە مندا دروستکردووە (ڕەنگە بەهۆی زەردەخەنە زیاد لە ڕادە گەرم و بێشەرمەکەیەوە). بە کورتی هیچ حەزم بەوە نەبوو دووبارە ببینمەوە. بەڵام ئیتر چاکەت و پانتۆڵەکەم بە دروون دابوو و نزیکەی سێ هەفتەی تر ئامادە دەبوو.

کاتێ چاکەت و پانتۆڵەکەیان بۆ هێنام، لەبەر ئاوێنەکەدا تاقیمکردەوە. قسەی ناوێ. سەرباری ئەمەیش نازانم بۆ، ڕەنگە بە هۆی کاریگەرییەکی ناخۆش کە پیرەمێرد لەسەرم دابینابوو، حەزم بە لەبەرکردنی نەبوو. دوای چەند هەفتەیەک بوو کە بڕیارمدا لەبەری بکەم.

هەرگیز ئەو ڕۆژەم بیرناچێ، شەممەیەکی مانگی نیسان بوو باران دەباری. وەختێ خۆم گۆڕی و- چاکەت و پانتۆڵ و هێلەکم - لەبەرکرد، بە خۆشحاڵییەوە هەستمکرد بە پێچەوانەی هەموو شتێکەوە جلوبەرگە تازەکانم، هیچ تەنگ نییە و ناکشێ و سەرباری ئەوەیش پڕ بە بەرم بوو.

هەرگیز نەبووە شتێ بخەمە گیرفانی ڕاستی چاکەتمەوە. کارتەکانم دەخەمە گیرفانی چەپمەوە. هەربۆیە چەند کاتژمێرێ دواتر کە لە نووسینگەی کارەکەم دەستم کرد بە گیرفانی ڕاستمدا، هەستم بە پارچە کاغەزێک کرد. پسووڵەی حسابی بەرگدرووەکە بوو؟

نەخێر، پارەیەکی دە هەزار لیرەیی بوو.

حەپەسابووم. بەڕاستی خۆم نەمخستبووە گیرفانمەوە. لە لایەکی ترەوە، لەگەڵ عەقڵدا وێک نەدەهاتەوە وەک گاڵتەیەک لە کۆرتچیلای بەرگدرووی وەربگرم. ئەگەریشی لەوە کەمتر بوو کە دیارییەک بێت لەلایەن خزمەتکارەکەمەوە- واتا تاقە کەسێک کە جگە لە بەرگدرووەکە، دەستی بە چاکەت و پانتۆڵەکەم ڕاگەیشتووە. نەکا ساختە بێت؟ پارەکەم خستە بەر ڕووناکییەکە، لەگەڵ پارەکانی تر بەراوردم کرد، هیچ جیاوازی نەبوو.

ئەگەرێک هەبوو: هەست و هۆشی پەرشوبڵاوی کۆرتچیلا. ڕەنگە یەکێ لە مشتەرییەکانی بۆ دانی کرێکەی هاتبێت. لەو ساتەدا کابرای بەرگدروو جزدانەکەی پێنەبووە و بۆ ئەوەی پارەکەی لە دەست نەچێت، کردوویەتییە گیرفانی چاکەتەکەی منەوە، کە ئەو ساتە لەبەری مانکەنێکدا بووە. هەرگیز ئەمجۆرە ڕێکەوتانە دوور نییە.

زەنگم لێدا، سکرتێرەکەم بێت. دەمویست نامەیەک بۆ کۆرتچیلا بنووسم و پارەیەک کە هیی من نەبوو، بیگێڕمەوە. بەڵام (ناتوانم بڵێم بە چ هۆکارێک) دووبارە دەستم کردەوە بە هەمان گیرفاندا.

سکرتێرەکەم کە هەمان سات هاتبووە ژوورێ پرسی: (شتێ ڕوویداوە، قوربان؟ حاڵتان باش نییە؟) بێگومان ڕەنگم وەک مردوو پەڕیبوو. قامکەکانم لە گیرفانمدا بەر لێواری پارچە کاغەزێکی تر دەکەوت کە چەند خولەکێک پێشتر لەوێ نەبوو. وتم: (نا نا، هیچ نییە. تەنیا کەمێک سەرم گێژ دەخوات. جارجارێ وام لێدێ. ڕەنگە کەمێک ماندووبم. دەتوانی بڕۆی، گیانەکەم. ویستم نامەیەک بنووسم، بەڵام بابمێنێ بۆ دوایی.)

دوای ڕۆیشتنی سکرتێرەکە، وێرام پارچە کاغەزەکە لە گیرفانم دەربهێنم. پارەیەکی دەهەزار لیرەیی تر بوو. بۆ جاری سێهەم تاقیمکردەوە و پارەی سێیەم هاتە دەرێ.

دڵم زۆر توند لێی دەدا. هەستم دەکرد بە هۆکاری تەمومژاوی لە گەڵاڵەی چیرۆکێکی ئەفسانەییدا گیرم خواردووە، وەک ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵانی دەگێڕنەوە و کەس باوەڕ ناکات ڕاستەقینە بن.

بە هەنجەتی تەممەڵییەوە لە نووسینگەکەم هاتمە دەرێ و چوومەوە ماڵێ. پێویستم بە تەنیایی بوو. خۆشبەختانە ئیشکەرەکەیشم ڕۆیشتبوو. دەرگاکانم داخست و پەردەکانم دادایەوە. بە خێرایی یەک لە دوای یەک پارەکانم لە گیرفانم دەردەهێنا. وەک بڵێی گیرفانم ماندوونەناس بوو.

تووڕە بووم و هەڵدەلەرزیم، دەترسام هەر ساتێ هاکا ئەم پەرجووە بوەستێ. دەمویست تەواوی ڕۆژ و شەو بەردەوام بم، تا بلیارەها لیرە گردبکەمەوە. بەڵام لێشاوی پارەکە لە قوناغێکی دیاریکراودا بڕا.

کوپەیەکی گەورەی پڕ پارە بەرامبەرم بوو. ئێستا گرنگ ئەوەبوو بیانشارمەوە تا کەس بۆنی ئەم بابەتە نەکات. ئەو سندووقە کۆنەی پڕ بوو لە قاڵی بەتاڵم کرد و پارەکەم تێدا ڕیز کرد کە بە بەستەی بچووک دابەشم کردبوو. هەنگێ لە سەرخۆ کەوتمە ژماردنی، پەنجاو هەشت ملیۆن لیرە بوو.

بۆ سبەی، دوای هاتنی ئیشکەرەکە خەبەرم بووەوە. لەوەی کە هێشتا بە چاکەت و پانتۆڵەوە لە ناو جێدا بووم، سەری سوڕما. هەوڵمدا پێبکەنم و بۆم ڕوونکردەوە کە شەوی پێشوو تۆزێ زۆرم خواردبووەوە و کتوپڕ خەو بردبوومییەوە.

گرفتێکی تر دروست بوو: دەیویست چاکەت و پانتۆڵەکە داکەنم تا لانیکەم بە فڵچە خاوێنی بکەمەوە.

لە وەڵامیدا وتم دەبێ خێرا بڕۆمە دەرێ و دەرفەتی جلوبەرگ گۆڕینم نییە. پاشان بە پەلە چوومە فرۆشگایەک کە جلوبەرگی ئامادەکراوی دەفرۆشت، تا چاکەت و پانتۆڵێکی هاوشێوەی ئەوەی خۆم بکڕم، چاکەت و پانتۆڵە تازەکەم دایە نۆکەرەکە و چاکەت و پانتۆڵەکەی خۆم، هەمان ئەوەی کە بڕیاربوو لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بمکاتە یەکێ لە دەوڵەمەندترین مرۆڤەکانی دنیا، لە جێگایەک شاردمەوە.

نەمدەزانی خەون دەبینم، خۆشحاڵم، یا لە ژێر فشاری چارەنووسێکی زۆر دژواردا خەفە دەبووم. لەسەر شەقامەکان، بەردەوام لەسەر بارانییەکەوە، دەستم لە گیرفانە جادووییەکەوە دەدا و هەموو جارێ هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵدەکێشا. خشەخشی ئارامبەخشی پارە لە ژێر قوماشەکەوە دەبیسترا.

بەڵام ڕێکەوتێکی سەیر ورێنەی لەزەتبەخشی دامرکاندەوە. مانشێتی ڕۆژنامەکانی بەیانی باسی دزییەکیان دەکرد کە ڕۆژی پێشتر ڕوویدابوو. ئۆتۆمبیلێکی زرێپۆشی بانک، دوای سەردانی هەموو هۆبەکان، بۆ بردنی پارەی ئەو ڕۆژە کە بۆ بەڕێوەبەرێتی ناوەندی دەبرد، چوار خراپەکار لە شەقامی پالمانۆڤا ڕێگەیان لێداخستووە و پارەکەیان بردبوو. بەهۆی گردبوونەوەی خەڵک لە دیمەنەکە، یەکێ لە دزەکان تەقەی کردبوو تا بڵاوەیان پێبکات. ڕێبوارێک کوژرابوو. بەڵام لە هەمووی گرنگتر، بڕە پارە دزراوەکە بوو کە منی حەپەساند: ڕێک پەنجاو هەشت ملیۆن لیرە بوو- کتومت هەمان ئەو پارەیەی من خستبوومە سندووقەکەوە.

واتا پەیوەندییەک لە نێوان سەروەتە کتوپڕەکەی من و ئەو هەڵمەتە تاوانکارانەیەدا هەبوو، کە تاڕادەیەک هاوکات ڕوویدابوو؟ بیرێکی کەرانە بوو. سەرباری ئەمەیش، خۆ من کەسێکی خورافاتی نیم. بەهەرحاڵ، ئەم ڕووداوە تەواو گێژی کردم.

مرۆڤ هەرچەندە زیاتر بە دەست دەهێنێ، چڵێستر دەبێت. بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژیانە مامناوەندییەی هەمبوو، ئێستا ئیتر مرۆڤێکی دەوڵەمەند بووم. بەڵام خەیاڵی پایەداری لە خۆشگوزەرانیی بێ سنوور ورووژێنەر بوو. عەسری هەمان ڕۆژ دەستبەکار بوومەوە. ئەمجارەیان بە ئارامییەکی زیاترەوە کارم دەکرد و زۆر کەم فشارم بۆ سەر ئەعسابم دەهێنا. سەد و سیوپێنج ملیۆن لیرەی ترم خستە سەر گەنجینەکەی پێشووم.

ئەو شەوە نەمتوانی چاو لێک بنێم. ئایا هەستی مەترسی بوو؟ یا ویژدانی بە ئازاری کەسێک کە بە ناهەق دەبێتە خاوەنی سەروەتێکی فرە؟ یا جۆرە پەشیمانییەکی جمک بە گێژی؟ بەیانی زوو لە جێ دەرپەڕیم، خۆم گۆڕی و بۆ کڕینی ڕۆژنامە چوومە دەرێ.

کە ڕۆژنامەکەم دەخوێندەوە، هەناسەم بۆ نەدرا. ئاگرکەوتنەوەیەکی ترسناک کە لە ئەنبارێکی نەوتەوە دەستیپێکردبوو، بینایەکی لە شەقامی سەرەکیی شار، شەقامی سان کولۆری نیوە وێران کردبوو. بڵێسەی ئاگرەکە لە ڕیزی قاسەکانی کۆمپانیایەکی گەورەی مامەڵەی خانوو و زەویش، زیاتر لە سەد و سی ملیۆن لیرەی کاشی هەڵلووشیبوو. دوو لە ئاگرکوژێنەوەکان لەو ئاگرکەوتنەوەیەدا گیانیان سپاردبوو.

پێویستە یەک یەک ناوی تاوانەکانم بێنم؟ بەڵێ، چونکە ئێستا دەزانم پارەیەک کە ئەو چاکەتە دەیدا بە من، بەرهەمی ئەو تاوانانە بوو، بەرهەمی خوێنڕێژی، فەلاکەت، مەرگ و دۆزەخ. بەڵام هێشتا لە چنگی عەقڵدا گرفتار بووم کە بە بێبایەخی لە قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی من بۆ هەر تەدارەکێک خۆی لادەدا و دواییش ئەو وەسوەسەیە بەردەوام دەبوو. چەند ئاسان دەست ڕۆدەچووە گیرفان و پەنجەکان بە خێرایی و بە تامەزرۆیی هەمیشەوە گۆشەی پارەیەکی تری دەگرت. پارە، پارەی پیرۆز!

شوقە کۆنەکەم جێنەهێشت (بۆ ئەوەی نەبمە جێگەی سەرنجی خەڵک)، بەڵام زۆر زوو ڤێلایەکی گەورەم کڕی، بوومە خاوەنی کۆمەڵێک تابلۆی شێوەکاری بەنرخ، سواری ئۆتۆمبیلی گران دەبووم، بەبیانووی (نەخۆشی) وازم لە کارەکەم هێنا و هاوڕێ لەگەڵ ژنانی جوان سەفەرم بە سەرانسەری دنیادا دەکرد.

دەمزانی هەر گاڤێک پارە لە گیرفانی ئەو چاکەتە دەردەهێنم، ڕووداوێکی شووم و ئازاراوی لە دنیادا ڕوودەدات. بەڵام هەمیشە ئەم ئاگاییە ئاڵۆزە بووە و هۆکارێکی لۆژیکی نەبوو. لەم بەینەدا، هەرجارێ کە پارەیەکم بە دەست دەهێنا، ویژدانم سست و دابەزیوتر دەبوو. بەرگدرووەکە چ بوو؟ تەلەفۆنم بۆ کرد تا لەمەڕ پسووڵەی هەژمارەکە پرسیاری لێبکەم، بەڵام کەس بیستەرەکەی هەڵنەگرت.

وەختێ چووم بە شوێنیدا بۆ شەقامی فیرارا، پێیانگوتم سەفەری کردووە بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام نەیاندەزانی بۆ کوێ. هەموو شتێ دەست بە دەست هاتبوو تا پێم پیشان بدات کە بێئەوەی بزانم، لەگەڵ شەیتان بوومەتە هاودەست.

تائەوەی بەیانی ڕۆژێکیان، لەو تەلارەی کە ساڵانێک تێیدا دەژیام، لاشەی ژنێکی خانەنشینی شەست ساڵەیان دۆزییەوە کە لە ئەنجامی ژاراویبوون بە گاز خنکابوو، هۆکاری خۆکوژییەکەیشی ئەوە بوو مووچەی مانگانە سێ هەزار لیرەییەکەی ونکردبوو کە ڕۆژی بەرێ وەریگرتبوو (لە کۆتاییدا گەیشتبووە دەستی من).

ئیتر بەس بوو، بەس! بۆ ئەوەی ڕۆنەچمە قووڵایی ئەم چڵکاوەوە، دەبوو خۆم لە شەڕی ئەو چاکەتە قوتار بکەم، ئەوەیش نەک بەوەی بیدەمە دەست کەسێکی تر، چونکە ئەم هەراسە بەردەوامی دەبوو. (ئەسڵەن کێ دەیتوانی لە بەرامبەر وەها وەسوەسەیەکدا بەرگری بکات؟) دەبوو لەناوی بەرم.

بە ئۆتۆمبیل بەرەو دۆڵی کشوماتی چیاکانی ئەلپ ڕۆیشتم. ئۆتۆمبیلەکەم لە سەوزەگیایەکی تەختدا ڕاگرت و بەرەو دارستانەکە بەڕێکەوتم. هیچ بوونەوەرێکی زیندوو نەدەبینرا. کە لە دارستانەکە تێپەڕیم، گەیشتمە زەوییەکی بەردەڵان. لە مابەینی دوو زنارەبەردی گەورەدا، چاکەتە نەفرەتییەکەم لە کۆڵەپشتەکەم دەرهێنا، نەوتم پێدا کرد و ئاگرم تێبەردا. دوای چەند خولەکێ، جگە لە خۆڵەمێش هیچی لێ بەجێنەما.

بەڵام هاوڕێ لەگەڵ دوا پزیسکی ئاگرەکە، لە دوامەوە – لە مەودایەکی سێ مەترییەوە – دەنگی مرۆڤێ بەرز بووەوە: (زۆر درەنگە، زۆر درەنگە.) تۆقیو، ڕاچڵەکیم. بەڵام کەسم نەبینی.

هەموو ناوچەکەم دا بەیەکدا، لەم تاشە بەرد بۆ ئەو تاشە بەرد بازم دەدا تا ئەو نەفرەتییە دەستگیر بکەم. بەڵام جگە لە بەرد هیچ نەبوو.

وێڕای ئەوەی ترسابووم، بە جۆرە هەستێکی ئارامییەوە گەیشتمەوە دامێنی دۆڵەکە. ئیتر ئازاد بووم و خۆشبەختانە دەوڵەمەند.

بەڵام ئۆتۆمبیلەکەم لە سەوزەڵانییەکە نەبوو. کاتێ گەڕامەوە شار، ڤێلا بە شکۆکەیشم دیارنەمابوو، لە جێگەکەی تەنیا کێڵگەیەکی دانەچێنراو هەبوو لەگەڵ تابلۆیەک (زەوییەکی شاری بۆ فرۆشتن.) هەژمارە بانکییەکەم تەواو خاڵی ببوو، بەڵام نەمدەتوانی بڵێم چۆن. لە قەباڵەکانی ناو سندووقە ئەمانەتە بێژمارەکانیشم شوێنەوارێک نەمابوو، لە سندووقە کۆنەکەدا جگە لە غوبار هیچ نەبوو، تەنیا غوبار.

ئێستا بە سەختی بەردەوامی بە کارەکەم دەدەم، بە دژواری ڕۆژەکانم دەگەیەنمە شەو و لەوەیش سەرم سوڕمابوو کە وەک بڵێی هیچ کەس سەراسیمە نەبوو لە لەناوچوونی لە ناکاوم.

دەشزانم هێشتاکە ڕووداوەکە کۆتایی نەهاتووە، دەزانم لە یەکێ لەم ڕۆژانەدا زەنگی دەرگای ماڵەکەم لێدەدرێ، دەرگا دەکەمەوە و ئەو بەرگدرووە نەفرەتییە، بە هەمان زەردەخەنەی نەفرەتاوییەوە لە بەرامبەر خۆمدا دەبینم کە دەیەوێ پرسی قەرزەکەم یەکلایی بکەمەوە.



* سەرچاوە:
معامله پرسود و داستانهای دیگر
انتخاب و ترجمە: مژده دقیقی.